رایۆرت

# مەرجی سیاسی و سەربازی پێکهێنانی ناوچەی ئارام

کەمال حامد

پێکهێنانی ناوچەی ئارام لە سنوری نێوان تورکیاو سوریا، کە تورکیا داوای دەکات و فەرەنسایش پشتیوانی لێدەکات، پێویستی بە چەند مەرجێک هەیە، کە دەبێت بەر لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، فەراهەم کرابێت.

**ناوچەی ئارام چیە؟**

ناوچەیەکە (( دوو لایەنی شەڕکەر یان ململانێکار لێک جیا دەکاتەوەو رووبەرێک دیاری دەکات، کە چەکی تیادا قەدەغە دەبێت )). بە پێی دۆمینیک ترینکان پسپۆڕی سەربازی پێشوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ناوچەی ئارام، وشکانی دەبێت، هەروەها دەکرێت ببێتە ناوچەیەکی دژە فڕینیش. ئامانج لە ناوچەی ئارام پاراستنی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو کەمکردنەوەی قورساییە لەسەر تورکیا، کە زیاتر لە ملیۆن ئاوارەی سوریایی لە خۆگرتوە .

پێشتر ناوچەی ئارام لە ساڵی ١٩٥٣ لە نێوان کۆریای باکورو کۆریای باشوور دروستکرا، بەقووڵایی ٤ کیلۆمەترو بەدرێژایی ٢٤١ کیلۆمەترو دەوریاتی سەربازی هەردووولای تیادا دەسوڕانەوە. لە ساڵی ١٩٧٤ یش (( هێڵی سەوز)) لە قوبرس دروستکرا. زیاتر لە چل ساڵە ناوچەی جۆلان ناوچەی ئارام لە نێوان سوریاو ئیسرائیل لە ژێر سەرپەرشتی هێزی نەتەوە یەکگرتوەکان دروستکرا. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٠ یش ناوچەی ئارام بە قوڵایی ٢٥ کیلۆمەترو بە درێژایی ١٠٠٠ کیلۆمەتر لە نێوان ئەریتریاو ئەسیوبیا دروستکرا .

بەلآم دروسکردنی هەر جۆرە ناوچەیەکی ئارام لە نێوان تورکیا_ سوریا دا بە پێی بۆچوونی دۆمینیک ترینکان دەبێت قوولآییەکەی بگاتە ٤٠ کیلۆمەترو مەزاری سولەیمان پاشای باوکی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگرێتەوە، کە لە پارێزگای حەلەبەو لە ژێر سەروەری تورکیادایەو سەربازانی تورکیا دەیپارێزن .

**مەشروعیەتی ناوچەی ئارام**

هەموو ئەو پسپۆرو شارەزایانەی پرسیان پێکراوە سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو ناوچە ئارامەی تورکیا داوای دەکات، تەئکیدیان کردۆتەوەو سووربوونە لەسەر ئەوەی کە دەبێت پێشتر ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێک لە ژێر بەندی حەوتی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دامەزراندنی ئەو ناوچە ئارامە دەربکات، کە ڕێگا بەبەکارهێنانی هێز بدات. لەو ڕووەوە هەڵوێستی روسیا نازانرێت .

تورکیا لە ساڵی ٢٠١١ وە بیرۆکەی دامەزراندنی ناوچەی ئارامی هێناوەتە کایەوەو لەو کاتەیشدا فەرەنساو ئەمریکا پشتیوانیان لێکرد، بەڵام بە بێ بوونی بڕوایەکی بەهێز ، چونکە هەردووکیان لەو

بڕوایەدابوون، کە روسیا (( ڤیتۆ )) دژی پڕۆژەکە بەکاردەهێنێت. بەڵآم ئایا لەگەڵ گۆڕانی رەوشەکەو هەڕەشەکانی داعش ئەگەری ئەوە هەیە مۆسکۆ هەڵویستەکەی نەرم بکات؟

**مەرجی کرداری پێکهێنانی ناوچەی ئارام**

دەتوانرێت ناوچەی ئارام ناوچەی دژەفڕینیش بێت، بە واتای قەدەغەبوونی چوونی پیادەو قەدەغە بوونی فڕین بەسەر ناوچەکەدا. ناوچەی دژە فڕین پێویستی بە دەوریاتی فڕۆکەی کەشف و فڕۆکەی جەنگی هەیە. هەروەها دەبێت دڵنیابوون هەبێت لەوەی کە سوریا چەکە دژە ئاسمانیەکانی بەکارناهێنێت. واشنتن و پاریس پەیوەندیان لەگەڵ رژێمی دیمەشق نیە. ئایا مۆسکۆ رازی دەبێت قناعەت بە بەشار ئەسەد بکات تا چەکە دژە ئاسمانیەکانی بەکارنەهێنێت؟ هەروەها لەسەر زەوی چۆن دەتوانرێت بە بێ بڵاوکردنەوەی هێزی پیادە رێگری لە چوونە ناوەوەی ناوچەکە بکرێت ؟ کێ ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرێت؟ تورکیا؟ هێزی نێودەوڵەتی؟ لە کاتێکدا هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دەولی ــ عەرەبی کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات، کاتی بەڵێنی چوونە ناو ئیئتیلافەکەیان دا، ناردنی هەر جۆرە هێزیکی زەمینی و پیادەیان بە تەواوەتی رەتکردەوە .

دیدییە بیلیۆن شارەزا لە ئینستیتیوی پەیوەندیە نێودەوڵتیی و ستراتیجیەکان رای وایە، تورکیا بەو تانکانەی لەسەر سنووری نێوان خۆیی و سوریا دایناون دەتوانێت بەشدار بێت لە رێگریکردن لە چوونە ناو ناوچە ئارامەکە، بەلآم بە شێوەیەکی زۆر سنووردارو نەک لە هەموو ناوچەکەیش. دامەزراندنی ناوچەی ئارام کاتی دەوێت.